# تۆ رنووە بەفرێکی وێڵی



*کاوەی خەسرەو کاوانی *

تۆ ئەو  رنووە بەفرە وێڵەی
لەبەرزایی خۆشەویستی
دەرژێیتە نێوبناری قوڵی دڵمەوە ,
تۆ نەسیمێکی بێ ژووانی
دەرگای گوڵزاردەکەیتەوە
دەیلەرێنی هەستی ناسکی گوڵمەوە .

*     *     *

ئەو ساتانەی لە باوەشی
ژووانی چاوەکانی تۆم
زوو تێ پەڕن ,
گەڵانی درەختی تەمەنن
پێش تێربوونی حەزی بەهار
هەڵدەوەرن.

*     *     *

تۆ هەورە سۆزی بارانی
ئاسمانی سەر
کێڵگەی حەزێکی بێ کۆتای ,
لە نێو گیان و...
لە نێو خوێن و ...
لەنێو هەست و ...
لەسەرتاپای ناخی من دای .